# نەوشیروان مستەفا
# لە ریفۆرمی سیاسییەوە بۆ پرۆژەی ڕۆشنبیری !

کەمال ڕەئوف

یەکێتی نیشتمانی هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە بە تاکو ئێستا شێوەی نیمچە بەرەیەکی سیاسی هەبووە, ئەم شێوازە لەکارکردن خوازراوبووبیت یان سەپابێت, وایی کردووە ئەو هێزە سیاسییە بە درێژای تەمەنی خۆی لەسەرکردایەتیەك بەهەر مەند نەبێت کە خاوەن یەك دیدو یەك جیهانبینی بێت, بەپێچەوانەوە هەمیشە لەنیورێزەکانی سەرکردایەتی یەکێتیداچەندین باڵو بۆچوونی جیاواز هەبووە و بەردەوام تووشی بەریەك کەوتن و ململانێتی سیاسی و فکری بوون, نازانم ئەم قسەیەم وەك ڕەخنە وەر دەگیرێ یان وەك مەدح و پیاهەڵدان , بەلاَم لەوە دڵنیام کەتا دواهەناسەی ژیانی ئەو هێزە یەك دەست و چاو نابێتەوە و بێ کێشەو ململاَنی نابێ. ئەم دانیشتن و وازهێنانەی ئەم دواییانەی کاك نەوشیروان مستەفاش کە بەشێوازێك لەشێوازەکان درێژەی هەمان سیاسەت و ململانێتی ناو سەرکردایەتی یەکێتییە بەشێکە لەئاکام بەرئەنجامەکانی ئەوسیاسەت و شێوازەی کە یەکێتی نیشتمانی هەر لەسەرەتاوەلەسەری دامەزراوە, ئاشکرایە ئەو نەیەکەم کەس بووە کە وویست و خواستی ریفورمی لەناو یەکێتیداهەبووە وەنە ئاخر کەسیش دەبێت هەر بۆیە دەکرێت پێش بینی ئەوە بکرێت کە ئەم ڕووداو ئاڵوگۆڕەش ناتوانێت بەئاسانی کۆتیای بەکێشەکان و چەند باڵی ناو یەکێتی نیشتمانی بهێنێ, بەپێچەوانەشەوە ڕەنگە ئەمەسەرەتایەك بێت بۆدابڕانێکی گەورەترو قوڵترلەنێو ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانیدا .

لە نێو یەکێتیدا گەمەی فکرو ئایدلۆژیا بەگوێرەی قۆناغە جۆراو جۆرەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووەو لەبیرکراواون و نوێژەن کراونەتەوە و سەریان گۆریوەتەوەو جێگەگۆرکێیان پێکراوە, بۆیە نابێت پێمان سەیر بێت ئەوەی دوێنی خەباتی دەکرد بۆ جیاخوازی و ریفۆرم لەنێو یەکێتیدا ئەمڕۆ لەهەموو کەس زیاتر دژی ریفۆرمیستەکان و لەتبوون بوەستێتەوە, وە بەپێچەوانەشەوە ئەوەی کە ئەمرۆ داوای ڕیفۆرم دەکات دوێنێ شەڕەتفەنگی لەگەڵ ڕیفۆرخوازەکانی ناو یەکێتیدا کردبێت.

یەکێتی نیشتمانی تاهەنوکە هەڵگری گەلەك فکرو ئایدلۆژیا بووە, ماویزم ,مارکیسیزم ,للینینیزم ,کوردایەتی, شوسیال دیموکرات ,فکر و ئایدیا و باکگراونی ئەو باڵانە بوون کە بە کۆمەڵەی ڕەنجدەران و خەتی گشتی و بزووتنەوەو عێراقچیەکان و داش عێراقیەکان و کوردستانییەکان و ناسراونەتەوە, هەربۆیە لە ڕیزەکانیدا لەتاکێکی سوسیالیست و ئازادیخوازەوە تا ئاغ و شێخ سەرەك هۆزێکی لەخۆیدا گرد دەکردەوە ,,ڕەنگە تاڕادەیەك ئەمە شتێکی ئاسایی بێت بۆ هێزێکی سیاسی کەتاڕادەیەك لەنیمچە بەرەیەکی سیاسی بچێت , بەڵام ئەوەی کەزیاتر جێگەی تێڕامان بوو ئەوە بوو کە یەکێتی ئاغای بەدیوەخانەوە و شێخی بەتەکێوەو سوسیالیستی بەجیهانبینی مارکسیەوە و سرودی ئەنتەرناسیۆنالەوە لەیەك کاتدا لەڕیزەکانیدا گرد دەکردەوە و دەشی وویست هەموویان دانویان لەیەك مەنجەڵدا بۆ بکولێنێت.

نەوشیروان مستەفا بەحوکمی ئەوەی کە هەمیشە لەسەرەوەی هەرەمی دەسەلاتی ئەم هێزەدا بووە , هەرەوەها بەحوکمی ئەوەی کە سەردەمانێك سەرکردایەتی باڵێکی گەورەو کاریگەری ناو یەکێتی کردووە کە بەکۆمەڵە دەناسرێتەوە بەرپرسیارەتی گەورەی ئەم تێکەو لێکەیەی ئێستاو ئەوسا و ئەوهەلومەرجەی ناو یەکێتی نیشتمانی دەکەوێتە سەرشان, نەك هەر ئەوەش بگرە بەهەدەر دانی خوێن و ئارەق و ڕەنج و خەباتی و ئەو پۆلە کادرو پێشمەرگانەشی دەکەوێتە ئەستۆ کەخاوەن ئایدیاو جیهانبینیەك بوون کە پڕواپڕ لەگەڵ دیدو جیهانبینی ئێستای یەکێتی جاوازبوو.

ئێستاش ئەوەندەی ئاشکرابێت بەرنامەو خواستی ڕیفۆرمخوازەکانی ئێستای ناو یەکێتی کە ئەو سەرپەرشتی دەکردن لەچەند خواست و داواکاریەك تێپەڕناکات کە دەکرا لەچەند برگەیەکدا گرد بکرێنەوە و زۆر شێنەییانە و بێ ئەوەی هەلای گەورەی لەسەر دروستبکرێت بەئەنجامێك بگەیەنرایە, تائێرە ئاساییە, بەلاّم لەلایەکی ترەوە ئەوەی کە جێگەی تێڕامانینێکی قوڵ و ترسناکە ئەوەیە ڕەتکردنەوەی چەند خواستێکی لەو جۆرە لەلایەن زۆرینەی سەرکردایەتی یەکێتییەوە نیشانەی ئەوەیە کە چیتر هێزە کوردیەکانی ئامادەنین هیچ ڕیفۆرمێك قبوڵ بکەن و ئامادەش نین گوێی بۆ هیچ پێشنیارو داواکارییەك شل بکەن ئەگەر ئەوداواکاریەکەش لەبن دەستی خۆشیانەوە سەری هەڵدابێت , دیسانەوە لێرەوەیە کە دەبێت لەسەر دەستکێشانەوەکەی نەوشیروان مستەفا هەڵوێستەیەك بکەین بپرسین ئاخۆ ئەو کە لەنزیکەوە لەگەڵ سەرکردایەتی کوردیدا سەرو کاری هەبووە وهەیە لەوە مەئیوس بووە

که هیچ گۆڕانکارییەك بەڕووی ڕیفورمدا بکرێت؟ یان وەك خۆی که هەمیشه له سەرەتای سالأنی هەشتاکانەوە بێزار بووە و دەیەوێت دەست له سیاسەت بکشێنێتەو؟, من لێرەوە قسەم لەسەر ئەوەنییە که کاك نەوشیروان چ تەوقیتێکی ناوەختی هەڵبژاردووە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان لەناو یەکێتیدا بەلأم ڕەنگە لەئێستادا ئەو پەلەی لەوەبێت که بەم وازهێنان و دەستکێشانەوەیەی بیەوێت ئیتر ویژدانی خۆی لەوە ئاسودە بکات کەدەبوو لەچەندساڵی ڕابردوودا بیکردایە.